# کۆمەڵەی زیندانییە سیاسییەکان لە چاوپێکەوتنێکدا



کازم عەلی / پەیامنێری چەمچەماڵ

دیارە لە ئەنجامی ململانێی سیاسییانەی جەماوەرو حزبە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق، لەگەڵ حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقداو دواتریش لەگەڵ رژێمی بەعس بەو پێیەی لە سەرەتای فەرمان رەوایەتییەوە دانی بە بچووکترین ماف‌و ئازادی گەلدا نەناوەو هەموو شێوەکارێکی دڕندانەی دژ بە گەلەکەی بەکارهێناوە، لەم نێوەندەشدا ئەو کەسانەی کە لە رۆژگاری خەباتی نهێنیدا کەوتوونەتە داوی ئەو رژێمەوە، تووشی جۆرەها ئەشکەنجەو ئازار بوونەتەوە، لە پاش راپەڕینیش کە حکومەتی هەرێم کەوتە سەر پێی خۆی پێویست بوو ئاوڕێك لە چین‌و توێژو کۆمەڵە ئازار چەشتوەکانی کوردستان بداتەوە، بەڵام بە داخەوە بە هۆی دەست تێوەردانی وڵاتانی دراوسێ‌و دروست بوونی شەڕی ناوخۆ بە چەند جەولەیەك‌و دواتریش بەرتەسك کردنەوەی ناوچەکانی کوردستان بە هۆی دوو کەرتبوونی هەرێمەوە، ئەمانە هەمووی بوونە هۆی ئەوەی کە ئەم حکومەتە نەتوانێ داخوازییەکانی گەلەکەمان جێبەجێ بکات‌و لەو نێوەندەشدا زیندانییە سیاسیەکانی کوردستان هیچ ئاوڕێکیان لێ نەدراوەتەوە، بۆیە بە پێویستمان زانی چەند پرسیارێك رووبەڕووی ئەندامانی کۆمەڵەی زیندانە سیاسییەکان لە نووسینگەی چەمچەماڵ بکەینەوەو خاتوو (نەسرین) ئامانجەکەتان لە دروستکردنی ئەم کۆمەڵەیەدا چییە؟

ئێمە لە کوردستاندا پێش راپەڕین بە تایبەتی سنووری کەرکوك لە لایەن رژێمەوە تووشی گەلێك ناخۆشی‌و زیندانی‌و راوەد وونان بووینەوە، بە تایبەتی من وەك ئافرەتێك کە لە کاتی خۆی لە لایەن رژێمەوە دەستگیرکراوم، زۆر بە جددی کار ئەکەم لەم کۆمەڵەیەدا بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی ئێستاش لە لایەن رژێمەوە گیراون خواستی بەردانیان ئەکەم، ئامانجەکانمان لەم چەند خاڵەدا دەخەمەڕوو:

1- چەسپاندنی بنەماکانی حکومەتی هەرێم کە بەری رەنج‌و تێکۆشانی ئەندامانی کۆمەڵەو سەرجەم گەلەکەمانە.

2- چەسپاندنی دیموکراسیەت لە کوردستاندا.

3- چەسپاندنی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ.

4- پشتگیری کردن لە خەباتی گەلی کورد بۆ بە دەستهێنانی مافەکانی بەشێوەی ئاشتی‌و دیموکراسی.

5- رێزگرتن لە خەبات‌و قوربانیدانی زیندانییە سیاسیەکان وەکو سەرجەم تێکۆشەرانی تری گەلەکەمان لە رووی ماددی‌و مەعنەوی‌و کۆمەڵایەتی‌و تەندروستییەوە.

6- هەوڵدان بۆ ئازادکردنی زیندانییە سیاسیەکانی ناو بەندیخانەکانی رژێم لە رێگای رێکخراوە مرۆڤ دۆست‌و نێو دەوڵەتییەکانەوە.

7- راژەکردنی ماوەی گیران بە خزمەت لە دام‌و دەزگاکاندا.

(نورەدین وەلی رەزا) و سەبارەت بە رێکخراوی زیندانییە سیاسیەکان ئایا ئەتوانرێت لە مۆرکی حزبایەتی دوور بخرێتەوەو سەربەخۆ کاربکات.

بە تەئکیدو بە هەوڵ‌و تەقەلای ئەو خەڵکانەی لەم رێکخراوە سیاسیە کە تایبەتە بە زیندانییە سیاسیەکانی کوردستان کاردەکەن، ئەتوانرێت دوور بخرێتەوە لە مۆرکی حزبایەتی بە مەرجێك ئەم خەڵکانە (مەبەستم ئێمەیە) بە راستی کار بکەین بە دڵسۆزی بۆ هاوڕێیانی خۆمان لە زیندانەکان‌و خەڵکانی کوردستان. ئەبێت بەم شێوەیە کارەکانمان بکەین بۆ ئەوەی جارێکی تر زیندانی نەکرێینەوە بە هۆی شەڕی ناوخۆیی کوردستانەوەو دەست لە ناو دەستی یەکتر ئیش‌و کارەکانمان بکەین. بێ ئەوەی هیچ رق‌و کینەی کۆنمان لە دڵدا هەبێت‌و تەنها هەوڵدانمان بۆ جۆشدانی زیندانیەکان بێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی رژێمی داگیرکەرو ریسوا.

بەڕێز کاك سەلاح چیمەنی ئەگەر لە داهاتوودا شەڕی ناوخۆ دەستی پێکردو هاووڵاتیان لە سەر کاری سیاسی گیران، ئێوە وەکو کۆمەڵەی زیندانیە سیاسیەکان هەڵوێستتان چۆن دەبێت؟

بەڕێزی لە وەڵامدا پێی راگەیاندین:

پێشەکی بەخێرهاتنی رادیۆی ئازادی‌و رێگای کوردستان دەکەم، ئێمە کۆمەڵەکەمان رێکخراوێکی تایبەتە بە زیندانیە سیاسیەکانی کوردستان‌و هەوڵ‌و تێکۆشانی ئەم کۆمەڵەیە بۆ ئەوەیە هەموو زیندانیە سیاسیەکانی کوردستان لە چوارچێوەیەکی سیاسیدا کۆ بکاتەوە، کاتێك ئێمە باسی شەڕی ناوخۆ دەکەین لە کوردستاندا بە کارێکی زۆر خراپ‌و چەپەڵ‌و دژی میللەتەکەمانی دەزانین، ئومێد دەکەین چیتر شەڕی ناوخۆ لە کوردستاندا دروست نەبێت لەبەر ئەوەی هەردوو سەرکردایەتی (پ.د.ك)و (ی.ن.ك) گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە هەموو شتێك بەشێوەی ئاشتی‌و دیموکراتی چارەسەر ئەکرێت‌و ئێمە وەکو کۆمەڵەکەمان هەموو هەوڵەکانمان ئەوەیە کە ئاشتی لە کوردستاندا بچەسپێت، کاتێکیش کە شەڕی ناوخۆ دروست بێت هەرچەندە ئێمە ئەڵێین دروست نەبێت بەڵام ئەگەر دروست بوو گرتن‌و راوەدوونان لە کوردستان لە سەر ئازادی بیروڕا دەستی پێکرد، ئەوکاتە ئێمە لە رێگەی جاڕنامەی مافی مرۆڤ‌و هەموو کەناڵەکانی راگەیاندنەوە دەنگی خۆمان بەرز دەکەینەوەو هەوڵ ئەدەین کە نەهێڵین ئەو کارە رووبدات‌و داوا دەکەم کە هەموو کوردێکی بە شەرەف ئەمە هەڵوێستی بێت‌و داواش لە رژێمی عێراق دەکەین کە واز لە راوەدوونان‌و گرتن بهێنێت‌و باس لە دیموکراتیەت بکات، کوردیش ئێستا پێویستی بەوەیە کە ئاشتی لە کوردستاندا بچەسپێت‌و زۆر سوپاستان دەکەم.

بەڕێز (جەبار عەبدوڵلا) لێپرسراوی کۆمیتەی چەمچەماڵی کۆمەڵەی ناوبراو:

- وەکو کۆمەڵەکەتان چۆن کار دەکەن‌و بۆ ئایندە چیتان بە دەستەوە؟

سەرەتا زۆر بەخێرهاتنتان دەکەین‌و خۆشحاڵین کە بەڕێزتان ئەم چاوپێکەوتنەتان لەگەڵماندا سازکردو دەرفەتتاندایین کە دەنگمان بەرز بکەینەوەو هەروەها رایگەیاند کە ئێستا وەکو کۆمەڵەی زیندانیە سیاسیەکان کار دەکەین لە سنووری چەمچەماڵ کە ئەم شوێنانە دەگرێتەوە (شۆڕش‌و تەکیەو سەنگاو ئاغجەلەر) و کۆمیتەکەمان پێکهاتووە لە لێپرسراوی کۆمیتەو پێنج ئەندام کە لەم بەڕێزانە پێکهاتوون:

1- نورەدین وەلی رەزا 2- دکتۆر تەها

3- خاتوو نەسرین 4- سەلاح چیمەنی

5- کاك خالید

هەروەها گوتی گەورەترین مەبەستمان ئەوەیە کە سەرجەم زیندانیە سیاسیەکان بەبێ جیاوازی بیروڕا لە ژێر چەتری ئەم کۆمەڵەیەدا کۆ بکەینەوە، پێش رەمەزان لەگەڵ لێپرسراوی کۆمەڵەکەمانداو پێکەوە لەگەڵ ئەندامانی شارەکانی تر سەردانی بەڕێز (د. بەرهەم ئەحمەد)مان کرد، ئەویش پاش خوێندنەوەی پرۆژەو پەیڕەوی کۆمەڵەکەمان‌و گوێگرتن لە ئەندامانی کۆمەڵەکەمان زۆر دڵخۆش بوو کە ئێمە بێ جیاوازی بیروڕای حزبایەتی کار دەکەین، بەڵێنی هەموو هاوکاریەکی پێداین کە وەکو حکومەتی هەرێم لە خزمەتی زیندانی سیاسی تێکۆشەردا بێت، ئێستا فۆڕمی تایبەتیمان بۆ مەحکومە سیاسیەکان پڕ کردونەتەوە لە سنوورەکەدا، فۆڕمی حیجزەکانیش وەکو لە پەیڕەوی کۆمەڵەکەماندا هاتووە ئەوانەی لە شەش مانگ زیاتر گیراون‌و تووشی ئەشکەنجە بوون بۆیانمان جێبەجێ کردووە، خاڵێکی تر کەلای کاك دکتۆر بەرهەم پێشنیازمان کردووە کە زەمینە خۆشکەربن بۆ سەردانمان بۆ شاری هەولێر، ئەویش دڵخۆش بوو بە داواکەمان‌و بەڵێنی ئەوەی پێداین کە لە ئایندەیەکی نزیکدا سەردانی شاری هەولێر بکەین‌و برا زیندانیە سیاسیەکانی هەولێریش لە نزیکەوە چاومان بە یەکتری بکەوێ، لە کۆتاییشدا زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەم دەرفەتەی بۆتان رەخساندین‌و زۆر بەخێربێن.

(تەها محەمەد کەریم)ە:

- ئەگەر باسی سەرەتای دروست بوونی کۆمەڵەی زیندانیە سیاسیەکانی کوردستان بکەیت؟

+ سەرەتا دەبێ بزانین لە قۆناغە جیا جیاکاندا کورد زوڵم لێکراو بووەو تووشی گیروگرفت بووە، بە تایبەتی لەم سەردەمە تازەیەدا کە جموجۆڵی رزگاریخوازی گەلی کورد پەرەی سەندووە هەمان شێوە پاڵەپەستۆو فشار پەرەی سەندووە لە سەر رۆڵەکانی ئەم گەلە.

بە هەموو شێوەیەك رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق زیندانیان واڵا کردبوو بۆ ئەم گەلەو زۆر کەسیان لە سێدارە داوە، ئەم کۆمەڵە خەڵکەی کە ئازارو ئەشکەنجەی کێشا تەنها لەبەر بیری نیشتمان پەروەری‌و نەتەوەیی بوو، بۆیە زۆر بە پێویستیشمان زانی کۆ بکرێنەوە لە رێکخراوێکدا کە بتوانێت لەو رێگەیەوە گەشە بە خەباتی خۆی بدات‌و هەندێ لەو ماندووییەی بسڕێتەوە ئەگەر بە مادی نەبێت هیچ نەبێت بە پاڵ پشت‌و گوێ کردنی راپرسیان بێت، ئەم بیرۆکەیە هەر لە سەرەتای ساڵی 1991 وە 1992 خەملی بوو لە دڵی زۆر زیندانیدا بەڵام تاکو ئەم ساڵانەی دوایی نەکرابوو..

ئێستا بە هەوڵی دڵسۆزان خەریکی ئەوەین رێکخراوێك بۆ ئەم مەبەستە دروست بکەین بەبێ ئەوەی گوێ بدەین بە حزبایەتی تەسك ئەمانەوێت هەموو کەسێك کە لە سەر میللەتی کوردو نیشتمان پەروەری عێراق دەستگیرکراوە لەناو ئەو رێکخراوەدا کۆی بکەینەوە بە مەبەستی خزمەت کردنی رێگە بگرین لەوەی جارێکی تر بە هۆی بیرو رای سیاسیەوە خەڵك بەند بکرێت‌و خۆمان ئەکەینە قەڵغان بۆ دیموکراسیەکی بەرفراوان کە لەم کوردستانەدا هیچ کەس بە هۆی ئینتیمای سیاسیەوە بەند نەکرێت‌و ئیتر سوپاس بۆ ئێوەش.

# بە سەرکردنەوەی ئۆردوگاو گوندەکانی سنووری ناحیەی خەبات

ئا: ئیبراهیم خەبات

بەشی چوارەم



### ئۆردوگای جدیدە

ئۆردوگای جدیدە یەکێکە لە ئۆردوگاکانی سنووری ناحیەی خەبات لە ساڵی 1988 لەگەڵ شالاوی رژێمی بەعس بۆ راگوێزکردنی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان دروست کراوە بۆ ئاشنابوون لەگەڵ دانیشتوانی ئەم ئۆردوگایە ئەم بەڕێزانەمان دواند:

### سەرەتای دروست بوونی ئۆردوگا

- کاك محەمەد کەرکوکی وتی:

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێزتان دەکەم سەبارەت بە سەرەتای دروست بوونی ئەم ئۆردوگایە یەکەم جار لە خۆمەوە دەست پێ دەکەم من کە بۆ خۆم ماڵم لە کەرکوك بوو لە 1990/3/17 بڕیاری راگوێز کردنم درا پێش راگوێز کردنم بڕیاری گواستنەوەی کارەکەم دەرچوو بە پێی نوسراوێکی (مراسلات سری) لە وەزارەتی خوێندنی باڵا کە فەرمانبەر بووم لە پەیمانگای تەکنەلۆجیا لە کەرکوك کارەکەم بۆ هەولێر گوازرایەوە، بیرم دێت ساڵێك پێش من ماڵی خوشکم لە 1989/3/19 بڕیاری راگوێزکردنیان دەرچوو هێنایانە ئەم ئۆردوگایە ئینجا بۆ ساڵی دوایی بڕیاری راگوێزکردنی ئێمە دەرچوو لە 1990/3/17 کە بیرم دێت لەو رۆژە (بازفت) یان ئیعدام کرد بە ناخۆشی گەیشتینە جێگا، کە گەیشتین کات (1) نیوەڕۆ بوو مەئمورێکیان لەگەڵ دابوو پێیمان وت من دەوامم لە پەیمانگای هەولێرە داوا دەکەم لە (دارەتوو)م بەڵام قبوڵیان نەکرد سوکایەتییان پێ کردم وتیان تۆ (ترحیل)ی وتم بەڵێ نەوتی کەرکوك من تەقاندمەوە ئیتر ئێمەیان هێنایە ئێرە ئەوە چەند ساڵە لێرە کەوتووین کەس ئاوڕی لە ئێمە نەداوەتەوە کەس پرسیاری لە ئێمە نەکردووە تەنها ئێوە نەبێت کە یەکەم جارە لە ئێمە دەپرسن.

ئۆردوگای جدیدە لە ساڵی 1988 دروست کراوە لە دوای دروستکردنی ئۆردوگاکانی (تۆبزاوەو کەورگۆسك‌و دارەتووو بنەسلاوە).

سەرەتای دروستکردنی بە نیشتەجێکردنی ئاوارەکانی کەرکوك بوو، ئینجا خەڵکی قەراج‌و کەندێناوەو قەلادزێ‌و هەندێك ماڵ لەناو هەولێر راگوێزکران کە بنەماڵەی پێشمەرگەبوون لە دوای راپەڕینی بەهاری 1991و ئازادکردنی بەشێکی زۆری کوردستان خەڵکێکی زۆر گەڕانەوە شوێنی خۆیان وەکو خەڵکی قەلادزێ‌و ئەوەی ماونەتەوە لێرە شوێنەکانیان ئازاد نەکراوە وەکو کەرکوك‌و قەراج‌و کەندێناوە یاخود زۆر لە ماڵەکان لەبەر کەم دەرامەتی ناتوانن بگەڕێنەوە ئێستا ئەم ئۆردوگایە چۆڵە هەر ماڵەی لە شوێنێکە ساڵی رابردوو هەوڵماندا بە ناوی (55) ماڵی (کەرکوك)ەوە نامەیەکمان بەرز کردەوە بۆ بەردەم بەرپرسان بۆ ئەوەی بمان گوازنەوە بۆ شوێنێکی تر نزیك لە شار لە هەر شوێنێك بێت لەبەر ئەوەی ئێرە دوورە لە شار بەڵام داواکەمان هەرماوە گوایە ئێستا داواکەمان لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەیە.

### ژیان و گوزەرانی خەڵك

-کاك مەریوان وتی:

ئێمە ئاوارەو راگوێزکراوین بۆیە راگوێزکراوین بۆ ژیان‌و گوزەرانمان بشێوێ کەی ژیان‌و گوزەران ماوە هەر لەو کاتەی کە لە سنووری کەرکوك لە گوندی (دەلۆ) ئەنفال کراین کە (27) کەسمان ئەنفالەو خالم ئەنفال کراوە پاشان کە ئێمەیان هێنایە ئێرە هەر لەو کاتەوە ژیان‌و گوزەرانمان زۆر خراپە خراپییەکەی لەوەیە کە هەژارین‌و کەم دەرامەتین هیچ کارێکمان پێ ناکرێت هەر وەکو ئاشکرایە ئێمە لە شوێنی خۆمان هەموو خاوەن موڵك بووین، بەڵام هەمووی داگیرکراوە، هیچمان نەماوە هەر بۆیە ئێستا کەمدەرامەتین لێرە بازاڕ نییە سەیارە نییە هاتوچۆی پێبکەین بتوانین بچینە ناو شارو کار بکەین ساڵی رابردوو کوڕێك ناوی (سامان) بوو دەچوو لە گومرگ کاری دەکرد لە بەرنەبوونی سەیارە رۆژانە دەچووە سەر (مەفرەق) تاکو سواری سەیارە بێت رۆژێکیان سەیارە لێیداو کوشتی ناچار دوایی باوکی کوڕەکە ماڵی بردە شار لێرە نەما بەڵام پاش چی، بازاڕ کە نییە لێرە تاکو خەڵك کاری لێ بکات سەیر دەکەی لە ئۆردوگاکانی تر بازاڕ هەیە هاتوچۆ هەیە خەڵك دەتوانێ بەیانی بچێتە شار کار بکات‌و ئێوارە بگەڕێتەوە بەڵام ئێمە کە لە شار دەگەڕێینەوە بۆ ئۆردوگا دەبێت لە (مەفرەق) دابەزین‌و بە پێ بگەڕێینەوە دەتوانم بڵێم لەم ئۆردوگایە خەڵکێکی زۆر بێ کارەو کاری دەست ناکەوێ ئەوە نەبێت هەندێك لە ماڵەکان ئافرەتەکانیان رەوانەی ئەو گوندانە دەکەن بۆ کارکردن لەناو کێڵگەکان بەرامبەر بە رۆژانەیەکی کەم لە کۆتاییدا دەڵێم ئۆردوگا بۆ خۆی بەندیخانەیە دەبێت ژیان‌و گوزران لە بەندیخانە چۆن بێت؟!

### قوتابیان و لاوان

- کاك سەرکەوت مەحمود وتی:

سەبارەت بە بارودۆخی لاوان لەم ئۆردوگایە بە راستی زۆر بە ناخۆشی ژیان دەبەنەسەر بە هیچ جۆرێك ناتوانن خواستەکانیان بەدیبێنن لێرە ئەوان هیچ شوێنێك شك نابەن رووی لێ بکەن نە یاریگا هەیەو هیچ رێکخراوێك یارمەتی نەداوین هیچ کارێك نییە بیکەن‌و یارمەتی ماڵەوە یان بدەن ئاوای لێ هاتووە تووشی بێ هودەیی بن سەبارەت بە قوتابیان بە هۆی کەمی قوتابیان یەك قوتابخانەی سەرەتایی‌و یەك دواناوەندی لێیە بەڵام تاکو پۆلی پێنجەمی لێیە پۆلی شەشەمی لێنییە قوتابی ناچار دەبێت روو لە شار بکات ئەمەش کێشەی بۆ دروست دەکات بە هۆی نەبوونی‌و کەمدەرامەتی.

### کەم‌و کوڕی‌و گرفتەکان

- هاوڕێ مستەفا وتی:

ئۆردوگای جدیدە ئەگەر بە گشتی سەرنج بدەیت شوێنێکی ونە کەس نیە ئاوڕی لێ بداتەوەو ئەم خەڵکە بەسەربکاتەوە. گەورەترین گرفت لای ئەم خەڵکەی لێرە ماونەتەوە، بێ کارییە هیچ کارێك شك نابەن بیکەن هەق وایە ئەم خەڵکە بیری لێ بکرێتەوە، ئەم خەڵکە لە ئەنجامی خۆڕاگری‌و بەرەنگاربوونەوەیان بەرامبەر رژێمی بەعس وای بەسەر هاتووە بۆیە لە دوای راپەڕین‌و ئازادی دەبێت برینەکانیان سارێژ بکرێت.

گرفتێکی تر کە ئەم خەڵکەی هەراسان کردووە نەبوونی ئۆتۆمبێلی هاتۆوچۆیە بۆ ناو شار ئەگەر هەر کەسێك نەخواستە تووشی نەخۆشی بێت بە شەو ئەمە تووشی هیلاکی دێت‌و یاخود هاتوچۆی رۆژانە دەبێت لە (مەفرەق) دابەزین ئینجا بە پێ بگەڕێینەوە نیازوابوو (2) پاس لێرە دانێن بەڵام بەرژەوەندی هەندێك خەڵك رێگەی نەداو بەرپرسان نەیانهێشت ئەم (2) پاسە دابنرێت.

سەبارەت بە خزمەتی شارەوانی بە هیچ جۆرێك نییە بگرە ئێرە لەبەر کەمی رێژەی دانیشتوان هەڵبژاردنی شارەوانی لێنەکراوە، بە کورتی دەتوانم بڵێم دابڕاوە، کەموکوڕییەکی تر ئەم دواناوەندییەی لێرە هەیە تەنها تا پۆلی پێنجی تیا دەخوێندرێ نازانم لەبەر نەبوونی مامۆستایە؟! نازانم بۆچی پۆلی شەشەمی بۆ ناکرێتەوە ناچار قوتابی روو لە شار دەکات؟ دەربارەی بنکەی تەندروستی، هەیە بەڵام دەرمانی کەمە نەخۆش بەیانیان ئەگەر زوو فریا نەکەوێت دەرمان بەشی ناکات‌و هەروەها نەبوونی دکتۆر ئەمەش گرفتێکی ترە لە کۆتاییدا دەڵێم بەهیوام ئاوڕێك لەم خەڵکە بدرێتەوە.

